١– کردنەوەی شارەوانی بەنێنان لەناحیەی دارەتوو سەر بەقەزای بەردەرەش لەپارێزگای دهۆك بە پلەی چوارەم .

٢– ئەم بەیانە جێ بەجێ دەکرێت لەرۆژی بڵاوکردنەوەی لەرۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان ) .

**ئەندازیار**
**سمير عبدالله مصطفى**
**وەزیری شارەوانی و گەشت و گوزار**

## فیدراسیۆنی کۆمەڵەورێکخراوەکانی لاوانی کوردستان
## ژمارە : ٦٠ لە ٢٠١٠/٤/٢٨

### پەیرەوی پرۆگرامی فیدراسیۆنی کۆمەڵەورێکخراوەکانی لاوانی کوردستان

**ماددەی یەکەم** / ناو :

( فیدراسیۆنی کۆمەلەورێکخراوەکانی لاوان )

**ماددەی دووەم** / پێناسە :

بريتی يە لە چەند كۆمەڵە و ڕێكخراوێكی ئازادی مەدەنی سە ربەخۆ لە كوردستان ئامانجمان ڕەخساندنی ئـازادی بـیرو بیركردنـەوە لـە پێنـاو دروسـت كردنـی كەشـێكی ديموكراسـی بـۆ پەروەردەكردنی هۆشياری نەتەوەيی لە كۆمەڵگەی كوردستان دا وە داكۆكی كردن لە ماف وداواكاری سەردەميانەی لاوان وخوێندكاران و ڕۆشنبيران و گشت تاكەكانی كۆمەڵگا .

**ماددەی سێ يەم** / شوێن :

هەرێمی كوردستاعێرق " پارێزگای سلێمانی

**ماددەی چوا رەم** / دروشم :

ديمكراسی ، دادپەروەرری كۆمەلايەتی ، پەروەردەی نە تەوەيی ، خزمەت كردن

**ماددەی پێجەم** / ئارم :

نە خشەی كوردستانی گەورە كە لەشێوەی ئاڵای كوردستان ڕەنگ كراوە دوودەست لە ڕەگەزی نێرومێ چەپكە گوڵێك بەرزدەكەنەوە .

**ماددەی شەشەم** / ئامانجە كانی فيدراسێون :

١/ كاراكردنی كۆمەڵە و ڕێكخراوەكان لە بوارەكانی كاری تايبە تی خۆياندا .
٢/دروست كردنی تۆڕبەندی ويەك هەڵوێستی بۆ پشتيوانی كردن لەدۆسيەكانی مرۆڤ وهە وڵدان بۆ بەديهێنانی مافە كانی مرۆڤ .
٣/ كاركردن بۆ بەهێزكردنی هاوهە ستی ( انتماء ) نەتەوەيی وهاندانی ڕێكخراووكۆمەڵەكان بۆ گە شە پێدا نی پەوەردەی نەتەوەيی .
٤/ هاندا نی ڕێكخراوو كۆمەڵەكان لە سە رهاوكۆيی لە بارەی باوەڕبوون بە بنەماكانی ديموكراسی و بەتايبەتی گرنگيدان بە پاراستنی هاوسەنگی جێندەری .
٥/ هاندانی ڕێكخراوو كۆمەڵەكان بۆ گرنگيدان بە چەند پرسێكی هەستيار و پێويست وەكو ( ژينگە پارێزی و دژايەتی كردنی گە ندەڵی و نەهێشتنی بێ كاری و هۆشياری تە ندروسـتی و نيشتەجێ بوون ) و ..... هتد .
٦/ بەديهێنانی ئەركی ڕێكخراوەكانی كۆمەلگا ی مەدنی و پڕكردنە وەی ئە و بۆشاييەی كە خێزان و حكومەت بەهەر هۆيەك بێت نە يانتوانيوە بۆ هاووڵاتيانی دابين بكـەن دەبيـت ئێمـە تەواو كەر و ياريدەدەری حكومەت بين بۆ پڕكردنەوەی ئە و بۆشاييانە .

**ماددەی حە وتە م** / ئەندامێتی لە فيدراسێن :

١/ هه موو رێكخراو كۆمەڵەیەك ماڤی ئەندامێتی هەیە لە فیدراسیۆنداو سکرتێرەکەی نوێنەرایەتی ئەو ڕێکخراوکۆمەڵەیەدەکات لە فیدراسیۆن یان جێگرەکەی کاتیك خۆی ئامادەنەبوو بەم مەرجانەی لای خوارەوە :

ا- ڕێکخراوەکە یان کومەڵەکە مۆڵەتی ڕەسمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی هەبێت .

ب- ڕێکخراوەکەیان کۆمەڵەکە پابەندی پەیڕەوی ناوخۆی فیدراسیۆن بێت .

**ماددەی هە شتەم** / دەستەی سەرۆکایەتی :

دەستەی سەرۆکایەتی بە پیێ ی ئەم بڕگانە ڕێك دەخرێت :

١- دەبێت ئەندامی دەستەی سەرۆکایەتی سکرتێری کۆمەلەیان ڕێکخراوبێت

٢- پابەندبێت بەپەیڕەوی ناوخۆی فیدراسیۆنەوە .

٣- ئامادەی کۆبونەوەکانی فیدراسیۆن بێت کە مانگی جارێك سازدەدرێت لەکاتی ئاساییدا و وەلەکاتی نائاساییشدا هەرکاتێك پێویست بوو دەبێت ئامادەبێت .

٤- سەرۆکی فیدراسیۆن و دەستەی سەرۆکایەتی بە ( ٣/٢ ) ی دەنگ بڕیار لەسەربەئەندام بوونی کۆمەڵەو ڕێکخراوو دەدەن لە فیدراسیۆندا .

**ماددەی نۆیەم** / سەرۆکی فیدراسیۆن :

بە پیێ ی ئەم بڕگانەی لای خوارەوە دەسەلاتەکانی سەرۆکی فیدراسیۆن ڕێکدەخرێت :

١-سەرۆکی فیدراسیۆن دەسەلاتی دروستکردنی ئەنجوومەنێکی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی گشت کاروبارەکانی بارەگای فیدراسیۆن یان هەر ئەنجومەنێکی تر کە پێویست بکات بۆ کاراکردنی کاروبارەکانی فیدراسیۆن .

٢- سەرۆکی فیدراسیۆن یان نوێنەرەکەی کە خۆی دەست نیشانی دەکات نوێنەرایەتی فیدراسیۆن دەکەن لە بەردەم ڕەسمی و نارەسمیەکاندا .

٣-ٍسەرۆکی فیدراسیۆن دەسەلاتی دەرکردنی ڕێنمایی پێویستی هەیە بۆ کاروباری کارگێری و دارایی بارەگای فیدراسیۆن .

٤- سەرۆکی فیدراسیۆن بڕیاری دەرکردنی ئەندامی فیدراسیۆن دەدەات دوای بەدەستهێنانی دەنگە یاسایی واتە (٣/٢ )دەنگەکان

٥- چوار ساڵ جارێك هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی فیدراسیۆن دەکرێت .

**ماددەی دەیەم** / هەڵوەشاندنەوە :

تەنها بەکوی دەنکی گشت ئەندامانی فیدراسیۆن ئەم فیدراسیۆنە هەڵدەوەشێتەوە

**ماددەی یانزەیەم** / ئەحكامە گشتیەكان :

١- سزادان : هەر ئەندامێك سەر پێچی كرد لە پەیڕەوی ناوخۆیان ڕێنماییەكانی سەرۆكی فیدراسیۆن بەم شێوەیە سزادەدرێت :

أ- ئاگاداركردنەوە .

ب- لەكارخستنی كاتی .

ج- لەكارخستنی هەمیشەیی .

**احمد شێخە احمد**

**سەرۆكی فیدراسیۆنی كۆمەڵەوڕێكخراوەكانی لاوانی كوردستان**

## بـــرلـــان كـــوردستان – العراق

**رقم : ٦٩٧/٣/٤ في ٢٠١٠/٤/٢٦**

## بـيـــان

استناداً لحكم المادة ( ٨ ) من القانون رقم (٤) لسنة ١٩٩٩ ( قانون النشر في الجريدة الرسمية - وقائع كوردستان ) ولورود خطأ مادي في المادة (٣٠ ) ثلاثين من قانون موازنة اقليم كوردستان — العراق لسنة ٢٠١٠ وذلك بورود جملة (بعد ثبوت صحة ادعاءاتهم ) في نهاية المادة سهواً فلقد اقتضى تصحيحها على الشكل الآتي :

**اولاً :** النص الخاطى للمادة ثلاثين : ( **تصرف رواتب جميع الموظفين المعاقبين بعقوبات سياسية بعد ثبوت صحة إدعاءاتهم** ) .

**ثانياً :** النص الصحيح للمادة ثلاثين : ( **تصرف رواتب جميع الموظفين المعاقبين بعقوبات سياسية** ) .